کوردستان نێت
Kurdistannet کوردستان نێت

به ناوی کوردستانی گه‌وره !

ح.س. سۆران
soransa@hotmail.com

## هه‌ی مه‌ی(1) ( هۆنراوه‌ی مێلۆدیک) :

مه‌یفرۆشی بێ په‌رۆشم !پڕ به ده‌م هه‌ی مه‌ی بکه
به‌یتی مه‌ینۆشی له‌به‌رکه ، رۆژو شه‌و ده‌وره‌ی بکه
رو له خه‌ڵکی مه‌ی په‌ره‌ست و هێدی و بێوه‌ی بکه
بۆ فرۆشی کاسه‌یی مه‌ی ، به هبه هو هه‌ی هه‌ی(2) بکه
هه‌ل چه‌لێکه ، پیاڵه تێکه ، سه‌رپڕی باده‌ی بکه
هه‌ر که‌سێ بۆچوونی مه‌ی بو ، هه‌ر به مه‌ی گه‌وره‌ی بکه

کاڵه‌به‌ی ! میزرابی(3)که‌سکت هه‌ڵگره به‌و تاره‌وه
فه‌وجی مه‌وجی نۆت بنێره ، گوممه‌زی ده‌ووراره‌وه
داخی قه‌لبی خۆت بڕیژه ، هه‌رچی بو ، مه‌یشاره‌وه
تا مه‌له‌ک له سه‌ر سه‌فینه‌ی که‌وکه‌ب و سه‌ییاره‌وه
بێن له کۆلی ده‌ن ، به ده‌سرۆکه و کڵاوی لاره‌وه
تۆش که سه‌ر چۆپی بگێڕه و داوه‌تی مه‌ی ته‌ی بکه

پۆلی خێڵی کیژه حۆری جامه ته‌نگی شۆخ و شه‌نگ
غه‌رقی پاموورە و پیاسه و پرپره و پاره و په‌ره‌نگ
مه‌ستی هه‌ستی جامی خه‌ستی شۆڕه‌مه‌ی خۆش ئاووره‌نگ
رێژه‌ری ئه‌شکی ئه‌وینی وه‌ک شه‌تاوی مه‌نگی مه‌نگ
بێنه کۆڕی مه‌یگوساران ، هه‌ڵپه‌ڕن به ده‌نگی چه‌نگ
تۆش له‌سه‌ر به‌ی مه‌ی بنۆشه ، ده‌ی ده‌ی و که‌ی که‌ی بکه

ساقی و سۆران و موتریب ، گه‌ر له‌گه‌ڵ مه‌ی یه‌ککه‌ون
نه‌چنه کۆڕی ئه‌و که‌سانه‌ی هۆگری خه‌ونی شه‌ون
غه‌یری باغی ره‌ز نه‌نێن و غه‌یری هێشو نه‌دره‌ون
هه‌ستی شێعری شۆڕه کیژی چاو خه‌واڵو بشنه‌ون
مه‌ی بگێڕن ، نه‌ی بژێنن ، به‌ی بچێژن ، نه‌سره‌ون
شاددانی غه‌م بکێشه و ریشه‌کانی په‌ی بکه

---

(1) هه‌ی مه‌ی = وه‌راو مه‌ی = مه‌ی ده‌فرۆشم !.
(2) به‌هبه‌هو هه‌ی هه‌ی = ته‌بلیغ = تاریف .
(3) میزراب = ئه‌و ئامێره‌ی ، تاری پێ لێ ده‌ده‌ن .